ئەم بابەتە لە شاری هەولێر لە بەرواری 2014-01-28 لە لایەن مامۆستا(محمدرافع) گووتراوەتەوە، و دۆست و قوتابییانی مامۆستا هەڵساون بە نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی.

**قیرائەکردن وەك هزروبیر و فەلسەفەی قیرائە، بەکردەیی کردنی قیرائە لە واقیع.**

**نیگار و وێنە و فیلمەکان لە هزری مرۆڤەکان چۆن دەگیرێت و چاپ دەکرێت؟**

**ئەو نیگارو فیلمانەی گیراون یان کێشراون چی لە کەسایەتی مرۆڤەکان دەکەن؟**

**ئەو نیگارانەی کە مرۆڤەکان بە درۆزن دەردێنێت چۆن وێنەی گیراوە؟ بنچینەی درۆیەکە لەکوێ سەری هەڵداوە؟**

**ئەم هەڵسوکەوتانەی وێنە ڕاستەقینەکەی ڕاستگۆیی لا دەدات و دایدەپۆشێت لە ناو فیطرە چییە؟ قیرائەکردن چۆن نیگار و وێنە و فیلمەکان ڕاست دەکاتەوە؟ ڕۆڵی فەلسەفەی قیرائە چییە کاتێك درۆیەکە دەبێتە حاڵەتێکی گشتی؟ کاتێك دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن لۆ دروستکردنی نیگار و وێنە هەڵەکان لە دەماغی خەڵك.**

**ئایا ژن موڵکی پیاوە یان پیاو موڵکی ئافرەتە؟ ئایا قەبارەی ئەو نیگار و وێنە هەڵانەی کێشاومانن لە مێشکمان لەسەر زەی چ ڕووبەرێك داگیر دەکات!**

**کاتێك ئەو نیگار و وێنە هەڵانەی کێشاومانن لە مێشکمان دەبن بە پێوەر بۆ تێڕوانینمان!**

**مامەڵەکردن لەگەڵ فایلە کاتییەکانی ژیان و فایلە گرنگەکان چۆن دەکرێت؟ یەکێك لەم کێشانەی دێتە بەردەم شەو هەڵسان چییە؟بەستنەوەی هەڵەی فایلی ڕووداوەکان بەیەکترییەوە چ کارەساتێك دەخولقێنێ؟**

**ڕاستکردنەوەی نیگارە بە هەڵەکێشراوەکان بە چی دەکرێت؟ و ڕاهێنانەکەی چۆنە؟**

**ئایا پێویستە ئێمە لە کاتی ڕابردووی نەرێنی بژین؟ خودای ڕەحمان زۆر شتی لەسەر فیطرە نووسیوە، بەڵام ئایا چی لەسەر نووسیوە؟ کرداری دروستکردنی وێنە و سازاندنی زەمینە لۆ ئەو نیگارکێشانە چۆن ئەنجامدەدرێت؟**

**دووبارەکردنەوە، قوتکردنەوە(إبراز)، خۆشەویستکردن، چ کاریگەری هەیە؟**

**گرنگیپێدان دروستکردن چ کاریگەری دروست دەکات؟**

**ئایا چارە لە کوێیە؟ ئایا لە سەرپۆش دانانە یان سەرپۆش دروستکرنەو لۆ چاوەکان؟**

**ئایا ڕاستکردنەوەی وێنەی هەڵە هەمان ئەو ماوەیەی دەوێت کە خەرجمان کرد لە دروستکرنی؟ دەستپێك لە قیرائە چۆنە و هەنگاو لۆ پێشەوە لۆ کوێیە؟ هەرکەسێك بە ڕێگەی هەڵقوڵاوی خۆی قیرائە دەکات.**

**بە قیرائەکردن دەگەین بە شتە ڕاستەقینەکان، قیرائەکردن خووپێگرتن و ئولفەت نایەڵێت.**

**قیرائەکردن وەك هزر و بیر و فەلسەفەی قیرائە**

قیرائەکردن وەك هزر و بیر و فەلسەفەی قیرائە و بە کردەییانەکردنی بیری قیرائە و پاشان فەلسەفەی قیرائە لە واقیعی ژیانی هەموو مرۆڤێك و پاشان چۆن کارای بکەین لەواقیع و چۆن ڕاهێنانی لەسەر دەکەین؟ زۆر جەخت لەسەر مەشقکردنی قیرائە دەکەینەوە، هەر کەسێك و ماوەیەکی دیاریکراو شەو هەڵسانی هەبێت و ئیش لەسەر دەروونی خۆی بکات بە دڵنیاییەوە ئەنجامی دەبێت، گووتمان فەلسەفەی قیرائە بریتییە لە دووبارە چاوخشاندنەوە بەم هەموو وێنە و نیگار و فیلمانەی کە لە مێشکمان چاپمانکردووە و داهێنراوە و دانراوە، ئینجا خۆمان ڕاستەوخۆ یان لایەنی دیکە توانیویانە لە مێشمان دابینێن.

**نیگار و وێنە و فیلمەکان لە هزری مرۆڤەکان چۆن دەگیرێت و چاپ دەکرێت؟**

زۆر بە سادەیی و زۆر بە ئارامی فەلسەفەی قیرائەی سەرلەنوێ چاوخشاندنەوەیە بەم هەموو شتەی لە مێشکمان دانراوە لە وێنە و فیلم و نیگار، باسمانکرد کە قیرائەکردنیش لە ڕێگەی دوو ڕەگەزی سەرەکی جەستەی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت ئەوانیش:

یەکەم: (سمع).

دووەم: (بصر).

**ئەو نیگارو فیلمانەی گیراون یان کێشراون چی لە کەسایەتی مرۆڤەکان دەکەن؟**

ئەو نیگارو فیلمانەی گیراون یان کێشراون هەمووی بووەتە فایلاتی دەنگی و وێنەیی لە ناو دەماغ (فؤاد)ی مرۆڤەکان، ئەوەی خەڵکی دی ناویان ناوە مێشك، جا لە مێشك تۆمار بووە، ئەنجامەکەی چییە؟ ئەنجامەکەی ئەوەیە ئێمە هەموو هەڵسوکەوت و کردارەکانمان و گووتارەکانمان هەموو ویستێکمان و هەموو جووڵە مرۆییەکانمان و چالاکییەکانمان بە گوێرەی ئەو هەموو فیلم نیگارانەیە کە باسمان کرد، کەواتە ئێمە کەسایەتی و قەوارەمان یەخسیری بەندیخانەی ئەو کۆمەڵە نیگار و فیلمانەیە، ئەگەر بێت و هەر دانەیەك لەم نیگارو وێنانە لە دەماغمان ڕابکێشین و توێکاریی و شیکردنەوەی لۆ بکەین، و سەرلەنوێ دارشتنەوەی لۆ بکەین، دڵنیام ئەگەر بمانەوێت نیگارەکە یان فیلمەکەی دووبارە بگرینەوە ئەوا وەکو جاران چاپ(طبع)ی ناکەینەوە لە مێشکمان، یان وەکو جارانی پێشتر فیلمەکەی لە دەماغمان ناگرینەوە، هەڵبەت ئەو هۆکارانەی وای کرد کە بە کردەییانە لەم سوچ و گۆشانەوە ئێمە ئەو وێنانە بگرین ئەو کاتە هۆکارەکان بەجۆرێك بوون و ئێستا بە جۆرێکی دیکەیە، لۆ نموونە ئێستا نەفەرمان هەیە ترسنۆکە یان فەرامۆشکار(مهمل)ە، هەیە کەسێکی ڕەزیلە، جا هەر سیفاتێکی نەرێنی هەبێت، کە ئێستا هەیەتی تەنها سیفەت نییە لە جەستەی و لە قەوارەی، هەڵبەت سیفاتی ئەرێنیشی هەبووە، ئێمە بڕوامان وایە کاتێك خودای ڕەحمان مرۆڤی خەلق کردووە تەنیا بە ئەرێنی خەلقی کردووە، و لەسەر فیطرە خەلقی کردووە، فیطرەش ئایینی ڕاست و ڕەوان (الدين القيم)ی تێدا دانراوە، ئەو (دين القيم)ەش کە فیطرەیە بە هیچ هێزێك ناگۆڕدرێت و ئاڵوگۆڕی پێ ناکرێت، لێرەدا دەپرسین ئەگەر کەسەکە دەستکراوە(سخي) بووە لەبەرچی ئێستا چاوچنۆك و ڕەزیل بووە؟ یان ئەگەر کەسەکە بە فیطرە ئازا بووە، لەبەرچی ئێستا ترسنۆك دەرچووە؟ یان ئەگەر لە بنەڕەتدا و فیطرەی بە ڕاستگۆیی خەلقکرابێ، لەبەرچی ئێستا درۆزن دەرچووە؟ هۆکاری ئەمانە چییە؟ بە کورتی بە سادەییەکەی هۆکار ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵ فیلمانەی کە لە کاتی خۆی گیراوە لەلایەن ئەو کەسەوە بووە، جا بە هەر هۆکارێك بووبێت، لۆ نموونە ڕاستگۆ بووە، بەڵام بە هۆی ئەو فیلمانەوە وای لێکراوە کە ئێستا درۆزن دەربچێت، یان زۆر ئازا بووە بە فیطرە، بەڵام وای لێکراوە کە ترسنۆك دەربچێت.

**ئەو نیگارانەی کە مرۆڤەکان بە درۆزن دەردێنێت چۆن وێنەی گیراوە؟**

لۆ نموونە درۆ وەربگرین، ئەو واقیعەی کە کەسەکەی دروست کردووە هەڵبەت درۆ ڕەگەزێکی سەرەکی بووە تێیدا و تێڕوانینی دەوروبەرەکەی خۆی لەم کاتی کە دەستی کردووە بە فامکردن وتێگەیشتن، جا بە ئاماژەکاری (أيحاء) واتە بە جووڵەکانی دەست یان جووڵەکانی دەموچاو کە پێی دەگووترێت(إيحاء و إيماء)، یان بە وشەکان، یان بە کردار، درۆیان لەگەڵ کردووە، ئینجا بە زۆر ئەنجامدانی ئەم حاڵەتە درۆییانە، هێدی هێدی ڕاستگۆییەکەی کەوتۆتە ژێر باری درۆیەکی زۆرەوە، ئەو درۆیەش پاڵەپەستۆیەکی زۆری خستۆتە سەری، ئەو ڕاستگۆییەی کە ئەسڵەکەیەتی لە ژێر باری وزەی درۆیە مەزنەکەی خەوتووە، جا بووە بە قەوارەی ڕاستەقینەی لەناو ناوەوەی مرۆڤەکە، لەبەرئەمەشە بەشێکی سەرەکی ژیانی ئەو مرۆڤە دەبێتە درۆ.

**بنچنەی درۆیەکە لەکوێ سەریهەڵداوە؟**

لە چییەوە بێینە سەر بنچینەی مەسەلکە؟ ئەو نیگارانە چۆن گیراوە لە مێشکی؟ لۆ نموونە بچووکە و هەستی بەمە کردووە ئەو خۆشدووان (مجاملة)ەیەی دایك و باوکی ڕاستەقینە نییە! ئەو خۆشەویستییەی کە دایك و باوك دەریدەبڕن لۆ منداڵەکانیان ئەویش ڕەگەزێکە تێیدا، ئەویش خۆشدوانێکی درۆیە لەگەڵ یەکتری دەکەن، خۆشەویستی یەك کۆمەڵ سیفاتی

خۆی هەیە، یەك لەم سیفاتانە بریتییە لە ڕێزگرتن و پایەدارکردن و لێبوردەیی، ئەو منداڵە تەماشا دەکات و لەبەرئەوەی فامیکردووە باوك و دایکی هەردووکیان لەگەڵ یەکتر بەم جۆرە نیین، تەمسیل لەگەڵ یەکتر دەکەن، کەواتە ئەمە دەبێتە بەشێك لە قەوارەی، ئینجا ئەگەر بێتو ئەویش هاوشێوەی ئەوان وا نەکات ئەوا نابێتە ڕەگەزێکی مەقبول لەنێو کۆمەڵگەکەی کە تێیدایە، وا دەزانێ دەبێ ئەویش ئەو خۆشدووان(مجاملة)یە بکات، یان بە مانایەکی دیکە دەبێ ئەو درۆیە بکات، هەتا قبوڵی هەبێت.

### ئەم هەڵسوکەوتانەی وێنە ڕاستەقینەکەی ڕاستگۆیی لا دەدات و دایدەپۆشێت لە ناو فیطرە چین؟

لەبەرئەوەیە منداڵ دێت یەك کۆمەڵ فیلم لە مێشکی خۆی دروست دەکات، ئێمە دەزانین کە ئەو فیلمانەی کە ئەو دروستی کردووە درۆیە، ، لۆ نموونە لە قوتابخانە دێتەوە شتێك باس دەکات کە ڕاستەقینە نییە، یان هەیە بەڵام ڕاستەقینەییەکەی بچووکە، ئەو دێت گەورەی دەکات، ئەو درۆیەی وێنەکێشاوە بە چی وێنەی کێشاوە؟ لەدایك و باوکی لۆی ماوەتەوە، لۆ نموونە دایکی لە هێنانی بەرداخێك ئاو بۆ باوکی دوا کەوت، جا لەوانەیە سەرقاڵی منداڵێکی بێت، یان بە ئیشێك سەرقاڵە ئەو پێنج خولەکەی دوایخست لە هێنانی ئاوەکە، یەکسەر باوکەکە ڕەتی دەکاتەوە بیخواتەوە وەریناگرێت، ئەگەر خواردیشیەوە بە ناز و مننەتەوە دەیخواتەوە و دەڵێت یەك کاتژمێرە من داوای بەرداخێك ئاوم کردووە! لۆ زانین لەوانەیە تەنیا چەند خولەکێك بێت! ئەمەش ڕاست نییە! ئەم هەڵسوکەوتانە هەمووی وێنە ڕاستەقینەکەی ڕاستگۆیی لا دەدات و دایدەپۆشێت لە ناو فیطرەکەی، وێنەی درۆیی لە ناوی دەکێشیت، باوکی بەم درۆیەی زاڵە و کەسایەتی خۆی بەسەر ئافرەتەکەی دەسەپێنێت، لۆیە لەلای ئێمە پێنج خولەك دەبێتە پێنج کاتژمێر، ئەم قسەکردنانەش زۆر ئاساییە! یان نموونەیەکی دیکە کە کەسێك مشتێکی کێشاوە بە لووتی کەسێکەوە و شکاندوویەتی لەکاتی دەمەقاڵێیان، و خوێن لە لووتی هاتووە، کەسێك دێت وەسفی دەکات و دەڵێت: واو وای لێکردووە، فەوتاندی، ڕزاندی، ئەم گەورەکردنانەی کە لە وێنەکە دروست دەکرێت، ئەو کەسەش کاتی خۆی لۆی دروستکراوە، ئینجا ئەوەو بە هەزارەها نموونەی لەم جۆرە.

### قیرائەکردن چۆن نیگار و وێنە و فیلمەکان ڕاست دەکاتەوە؟

ئینجا قیرائە دێت چی دەکات؟ قیرائە دێت ئەو فیلمانە دووبارە دەکاتەوە، کاتێکیش دووبارەی کردەوە سەرلەنوێ نیگار و وێنەکان دووبارە و سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە، بێگومان ئەو فیلمە گرتە گرتە دروست بووە، سەرلەنوێ هۆکارەکەی لێکدەداتەوە، دەپرسێت لۆ بەم جۆرە بوو؟ لۆ بەم جۆرەی هێناوە؟ لۆ بەم جۆرە هاتووە؟ ئەگەر بێتوو بابەتەکە وەکو حەصیرێکی چنراو لێکی بکەینەوە، ئەو کاتە کردەییانە لۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو چنراوە لە کوێ گیریخواردوە، و کێشە لە کوێیە؟ لەم شوێنەش دەست دەکرێت بە چارەسەر، کەم کەس هەیە دایك و باوکی شتی لەم جۆرەی لەگەڵ نەکردبێت، یان دەورووبەر لەگەڵی ئەنجامی نەدابێت، لەوانەیە هەموومان وابین، یان مامۆستاکەی و یاریدەدەر و بەڕێوەبەر و فەرمانبەر و بەردەستەکەی قوتابخانە کە خێزانی قوتابخانە پێکدێنن، ئەوانیش بەم جۆرە بوونە، هاوسێیەکانیش بەهەمان شێوە، کاتێك یاری لەگەڵ منداڵە هاوسێیەکان دەکات و تێکەڵ یەکتر دەبن، ئایا ئەوانیش بەهەمان شێوەی ئەو نیینە و منداڵی خێزانێکی وێچووی وەکو ئەو نین؟ یان هاوڕێی پۆلەکەی ئەویش ڕەگەزێکی ئەو خێزانانە نییە؟ کەواتە ئەو دۆخە گشتییە.

### ڕۆڵی فەلسەفەی قیرائە چییە کاتێك درۆیەکە دەبێتە حاڵەتێکی گشتی؟

### کاتێك دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن لۆ دروستکردنی نیگار و وێنە هەڵەکان لە دەماغی خەڵك

ئینجا فەلسەفەی قیرائە ڕۆڵی چییە لێرە؟ ڕۆڵی ئەوەیە دێت گرتەیەگ لە گرتەکانی کە وێنەی کێشاوە و دەیبینێت لۆ نموونە وەك خستمەڕوو کەسێك درۆزن بێت یان ترسنۆك یان ڕەزیل بێ، یان کەسێکە دڵپیس، ئینجا ئافرەت لە زەلام و یان زەلام لە ئافرەت، بیستوومانە کە ئافرەتێك دڵپیسی لە پیاوی خۆی دەکات، واتە دڵپیسی لە ئافرەتان دەکات، ئەو حاڵەتە نەخۆشییە، لەبەرچی نەخۆشییە؟ هەڵبەت گرتەیەکی نەرێنی هەیە لە مێشکی، یان فیلمێکی نەرێنی لە مێشکی هەیە جا هی

خۆی بێت یان هی ئەوانەی لە دەورووبەری بوونە، جار بووە لە ئەنجامی ئەم دڵپیسییە خێزانێك دەفەوتێ، و تووشی لێکترازان و دابڕان دەبن، بەڵکو خێزان هەیە وێران دەبێت، ئەم شێوازە هەڵە دروستبوونە لە ناوەوەی، ئەنجامەکەی ئەوەیە ئەم دۆخەی لێ دێتە دی، لەبەرئەمە قیرائە دووبارە پێداچوونەوە بەم فیلمەیە کە مرۆڤ لەگەڵ خۆی هێناویەتی، جا ئەمەش تووشی دروستبوونی ئەو کەسایەتییە نا تەواو(غیر متکامل)ە دەکات، یان ئەو کەسایەتییە بە کەموکوڕییە، یان زۆرجار ئەو کەسایەتییە نەخۆشەی لێ دروست بووە، ئینجا ئەگەر بێت و تێڕوانینی فەلسەفییانە لە قیرائە وەربگرین، کە ئێستا ڕۆژئاوا ئیشی لەسەر دەکەن، لۆ نموونە لە ساڵەکانی چلەکان، هەروەکو کۆمەڵگەی ئێمە، شێوازی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی لەسەر کردار و پەرچەکردار بنیاتنرابوو، واتە کابرا بیەوێت یان نەیەوێت توڕەوتووند بوو، کاتێك بەیانی لە خەو هەڵدەستا تووڕەوتوند بوو، لە شەیتانی دەویست کەسێك شتێك بکات! یەکسەر دەتەقییەوە، لەم ساتەدا کۆمەڵگەی ئێمەش هەر بەم جۆرەیە، کاتێك کە لەخەو هەڵدەستێت، باروداخی ئاسایی نییە، ئەگەر بێنەوە سەر باسەکەمان، ڕاگەیاندنی ئەو کاتە هەڵدەستا جەنگ و پێکدادانەکانی ناخۆیی و ناڵەکانیان دەخستەڕوو، تەنانەت هەندێ لە ڕۆژنامەی ئەو سەردەم تایبەتمەند بوو لەوەی کە چۆن کێشەکانی نێو کۆمەڵگە وەسف بکات، ئینجا نەك کێشەی ئاسایی، بەڵکو کێشەی گەورە، لۆ نموونە فڵانە کەس لە فڵانە لادێ و لە فڵانە شار دەستی دایە چەك وژمارەیەك کەسی کوشت، و دەهاتە سەر وردەکاری ئەو کێشەیە، کە چۆن لە شتێکی بچووك و کەم ئەو ژمارە کەسەی کوشتووە! ئەمە خاڵێکەو لە مێشکی چێنرا، لەبەرئەوەی کەسێك هەڵساوە بەم ئیشە، کەواتە دەرفەت هەیە ئەویش بەم جۆرە بکات، و تۆڵەی خۆی لەم خەڵکە بکاتەوە کە ئازاریان داوە، لۆ نموونە ناپاکییەك کراوە، لە فڵانە شوێن بەم جۆرەو بەم جۆرە بووە، بە نووسینەکە فلمێك دروست دەکات لە مێشکی، جا ئەو چیرۆکەش لە ڕۆژنامە یان تەلەفزیۆن بڵاو دەکرێتەوە، شتێکی لە مێشکی دانا وەك ڤایرۆسێك، بەکتریاییکی لە مێشکی چاند، ئینجا ئەگەر کوڕ بێت گومان بە دایك و خوشکی دەبات، دەڵێ کێ دەڵێت خوشکم لەم جۆرە نییە! یان کێ دەڵێ دایکم لەم جۆرە نییە؟ لێرەدا دەست دەکات بە بەدواداچوون! گرتەیەك لە گرتەکانی نێو چیرۆکەکەی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە یان تەلەفزیۆنەکە وێکچووە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە ئەو دەیبینێ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی، لەگەڵ خوشکی، یان لەگەڵ خێزانی، یان لەگەڵ دایکی، یەکسەر لەسەری دەچەسپێنێت و دەیکاتە کێشەیەك، و بەمەش لەگەڵی گەورە دەبێت، و چەند خۆی گەورە بوو، ئەو کێشەیە لەگەڵی گەورەتر دەبێت، تا وای لێدێت ئەو کەسە سەیری خوشکی بکات یان سەیری دایکی بکات، بەو دیدەی کە ئەو دایناوە، لێرەش دەیەوێت تۆڵەی لێ بکاتەوە، لە نێو کۆمەڵگەی ئێمە ئەو حاڵەتە زۆرە.

## ئایا ژن موڵکی پیاوە یان پیاو موڵکی ئافرەتە

کەسەکە کاتێك ژن دێنێت، ژنەکەی بە موڵکی خۆی هەژمار دەکات، نەك تەنیا موڵکداری دەوێت، بەڵکو لە ژوورەوەی حەزی لێیە کە دێتە دەرەوە نەك تەنیا دەرگەی دەروە کلیل بدات نەخێر، بەڵکو وای لەلا باشە دەرگەی ئەو ژوورەش دابخات کە خێزانی لەناویەتی، لەوانەیە بەمە دڵی ئارام ببێتەوە، مۆبایل و تەلەفۆن و ئەم شتانەی لێ ببڕێت، تەنانەت تەلەفزیۆنیشی لێ ببڕێت، کەسێك خێزانەکەی باسی پیاوەکەی کرد کە ڕێگە نادات خێزانی سەیری تەلەفزیۆنیش بکات، یان گۆڤار و ڕۆژنامەشی لێ قەدەغە دەکات، نەوەك تێڕوانینێکی لۆ پیاوێکی بیانی هەبێ، کاتێك هاتین کەسایەتی و لە مێژووی ئەو پیاوەمان کۆڵییەوە، دەرکەوت هەر لە بچووکییەوە توشی حاڵەتێکی نەرێنی بووە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، بە بۆچوونی ئەو پیاوە کاتێك کە منداڵ بووە، ئەو کەسە بەم جۆرە وێنەیەکی گرتووە لە نێو مێشکی خۆی، ئینجا لەسەر بنەمای ئەو وێنەیەش فیلمی چاپکردووە، و شتی گەورە کردووە، ئێستا خۆی و خێزانی لە مەینەتی دەژین، ڕۆژئاوا توانیان ئەوەی چارەسەر بکەن، سەرلەنوێ فیلمیان دووبارە کردەوە لۆ خەڵکەکە، لۆیە لەلای ئێمە جوامێری و پیاوەتی و ئازایەتی ئەوەیە کە پیاوکوژ بێت، ستەمکار بێت، زۆردار(غدار) بێت، مێرد ئەو کاتە بە پیاو هەژمار دەکرێت کە زاڵ بێت لەسەر خێزانی خۆی، پیاوەتی ئەوەیە هەرکاتێ توانی ستەم بکات، ئینجا بە جوێن، یان بە شەق لێدان، یان بە پرچ ڕاکێشان، یان بە ڕیسواکردنی لەبەرامبەر خەڵکی ئەگەر هیچ شتێکی نەکردبێتیش، یان لەبەردەم منداڵەکانی جنێوی پێدەدات، و قسەی پێ دەڵێت، وای دادەنێت ئەگەر ئەوەی ئەنجامدا ئەوا جوامێریی و پیاوەتییە! ئەگەر وای نەکردیش ئەوا پیاوەتییەکەی لەککەدارە، ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کە وێنەکە ئاوەژوو بۆتەوە و بە پێچەوانە خراوەتەڕوو، ژنەکەش وێنەکەی بەجۆرێك گیراوە، یان دایکی وێنەی بە جۆرێك گرتووە کە دەبێ بەم جۆرە بێت، و پیاوەکەی هەر ستەمێکی لێکرد ئەوا دەبێ قەبوڵی بکات، لەخۆی بگرێت و هەڵیمژێت، ئەمە لەبەرچی؟ چونکە پیاو هەمووی بەم جۆرەن! سروشتی پیاو بەم

جۆرەیە! سەرگەرمە! لێکتێگەیشتنی لەگەڵ ناکرێت! بیبەرە! ئەمە ئەگەر قومبەلە نەبێت! ئەم حاڵەتانەی باسمان کرد هەمووی مایەی دروستبوونی ئەو فیلمانەیە، کە ئێستا لە مێشکمانن،

## کاتێك ئەو نیگار و وێنە هەڵانەی کێشاومانن لە مێشکمان

## دەبن بە پێوەر بۆ تێڕوانینمان!

ئینجا ئەگەر ئێمە بێین و فیلمەکان بکەینە نیگار نیگار، لەوانەیە بە ملیۆنەها (فیلم)مان لە مێشکدا هەبێت، بەڵکو لەوانەیە ملیارەها وێنە و نیگار، ئینجا ئەگەر هەڵسین بە دانانی ئەو نیگارانە لە تەنیشت یەکترەوە ئەوا زەحمەتە بزانین چ شوێنێکی فراوان لە نێو مێشکمان داگیر دەکات، لەوانەیە بەقەد ڕووبەری شاری هەولێر نیگاری شێواو لە مێشکمان هەبێت، ئینجا ئێمە بەردەوام و هەموو کاتێك جووڵە بەم نیگارانە دەکەین، جا لە کوێ دانیشین؟ لە کوێ هەڵسایین؟ لە کوێ جووڵەمان کرد؟ ئەم نیگارانە هەمووی لە مێشکمانە، ئینجا بەم نیگارانەوە جووڵەش دەکەین، هەروەها بەم نیگارانەوە هەڵسەنگاندن دەکەین، کەواتە ئێمە هەموومان قوربانیی ئەو فیلمانەین کە لە مێشکمان دانراون، ئەگەر وەکو خەڵکی ڕۆژئاوا بێین و تەماشای قیڕائە بکەین، ئەوا دێین ئەو فیلمانە هەمووی شیکردنەوە و توێکاریی لۆ دەکەین، لەم شوێنەی کەوا هێلی سوورمان بەژێری داهێنا ئەوا ئەو شوێنە دەبڕین، لۆئەوەی ئێمە خۆمان ڕزگار بین، یان خۆمان ڕزگار بکەین، ئینجا ئەگەر خۆمان ڕزگار کرد، ئەو کاتە لە منداڵەکانمان دڵنیا دەبین کە ئەوانیش ڕزگار دەبن، ئەمەش کاتێك دەبێت ئەگەر ڕۆژئاواییانە تەماشای بکەین، ئەمە پەیوەندی بە ئایین نییە، تاکو ئەو ساتەش باسی خودای ڕەحمان و پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)مان نەکردووە، ئەوە خێروفەڕی قیڕائەیە، لەبەرئەمە ڕۆژئاواییەکان هەڵسان تەنانەت ئەدەب و شیعر و ئەو چیرۆکانەی داستانەکانی کە لە ساڵانی بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم هەبوون هەموویان ئابڕووبردی کرد، هەموویان دەرهێنا، لۆ نموونە نەتەوایەتییان بەلاوە نا و گووتیان شۆڤینییەت بووە، هێدی هێدی وێنەی چەك لادرا، واتە پیاوەتی بە چەك نییە، کاتێك دەچیتە ماڵێك دەبینی وێنەی باپیرانمان لەسەر دیوارەکان هەڵواسراوە بە خەنجەر و بە کلاشنکۆف یان بە ئارپیجی، زۆربەیان بە کلاشنکۆفن یان بە بڕنۆ لە کۆندا، خەڵکێك هەیە لەگەڵ تانك وێنەی گرتووە، کەم کەس هەیە وەستا بێت و وێنەی خۆی لە دێوار هەڵواسیبێت، و چەپکێك گوڵی لە دەست بێ! ئەمە هەمووی بەڵگەی ئەویە کە خۆمان دوژمنی خۆمانین، واتە کابرا چ چەکێکی لە دەستە بڕوامان وایە بەمە خۆی دەفەوتێنێت، چونکە هەموو چەکێك فەوتانی مرۆڤە، ئینجا تا چەند چەکەکەی گەورەتر بێت فەوتانی خۆی ئەوەندە لەلا گرنگە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت بە کردەییانە کەسایەتییمان ڕزگار بکەین لەم بارودۆخەی کە ئێمە تێیداینە، و لەم ئێش و ناڵەیەی تێیدا دەژین و هەروەها لە جێشوێنەکەی ڕزگار بین، بە کردەییانە دەبێ بێین وەکو دەریایەك ئەو فیلمانە ئەوەی سەرەکییە تێیدا، هەمووی وەکو حەصیرێکی چنراو لێکی هەڵوەشێنینەوە، ویست و ئیرادەمان هەبێ بیبڕین، بەڵام بڕینەکە چۆن دەکرێت؟ ئەمانە لە وانەی تر باسی دەکەین.

## مامەڵەکردن لەگەڵ فایلە کاتییەکانی ژیان و فایلە گرنگەکان چۆن دەکرێت؟

لە مێشکی مرۆڤدا بەر لەوەی بخەوێت دوو جۆر فایل هەیە، فایلێکیان بەستراوەتەوە بە ڕووداوی ڕۆژانە، لەبەرئەمە بوو ئێمە وامان بە باش زانیوە لەماوەی ئەم بیست ساڵە و گووتومانە لە شەو بخەون ئینجا هەڵسن لۆ قیڕائەکردن، ئەمە لەبەرچی؟ چونکە ئەو فایلانەی کە کاتیین و پەیوەستن بە ڕووداوی ڕۆژانە، ئەمانە کاتێك مرۆڤەکە بخەوێت هەمووی دەسڕێتەوە، هیچیان نامێنێت، ئەی چ جۆرە فایلێك دەمێنێتەوە؟ ئەو فایلانە دەمێننەوە کە کردەییانە مرۆڤەکە بە (سمع و بصر) بردوویەتییە نێو (فؤاد)ی و لە (فؤاد)یشی بردوویەتییە سنگی و بردوویەتییە (نفس)، هەندێکیان چووتە نێو (قلب)یش، ئەوەیە دەفەرمووێ: (وَأُشْرِبُواْ فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ)(البقرة93) (عجل) لە ناو دڵیان (تشروب)ی کردووە وەك ئیسفەنجێك جیی خۆی گرتووە، فەرمووی هەندێ لەم نەخۆشییانە وای لێدێت، جا ئەو فایلاتانەی کە کاتیین لەناو دەروونمان کاتێك دەخەوین و هەڵدەستین نامێنێت.

## یەکێك لەم کێشانەی دێتە بەردەم شەو هەڵسان چییە؟

کێشەیەك هەیە دێتە بەردەم هەندێ کەس لە کاتی شەو هەڵسان، ئەویش لە پێنج خولەکی یەکەمی قیڕائەکردن ئاسایی دەڕوات، ئینجا پاشان فایلاتی دیکەی دێت و یەکێك دەباتە ڕۆژهەڵات و یەکێکیش دەباتە ڕۆژئاوا! یەکێکی دیکەش

دەبیاتەوە چەندەها ساڵی پێشوو! سەردەمی منداڵی، فیلمەکەی ئەو سەردەمە دووبارە دەبێتەوە، جا ئەم فایلاتانە دەیهێنێ و دیبات و سەرقاڵی دەکات! ئەگەر چی ئەو بۆ ئەم شتە هەڵنەستاوە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوە فایلە کۆنەکانەو بووەتە زەمینە، ئەو بابەتە بووتە زەمینەیەك و شتی لەسەر بیناکراوە، لەبەرئەوەیە هەر ساتێك و هەر گرتەیەك یان بەشە گرتەیەك وێچووی ئەو گرتەیەی بێ کە دروستببێ، ئەوا یەکسەر دووبارە دەبێتەوە، ئینجا کێشەکە لەمەیە وای تێدەگات ئەگەر هاتوو ڕووداوەکە وێچووی ڕووداوەکە دووبارە ببێتەوە فیلمەکەی دووبارە دەبێتەوە.

**بەستنەوەی هەڵەی فایلی ڕووداوەکان بەیەکترییەوە چ کارەساتێك دەخولقێنێ؟**

هەر ڕووداوێك وەربگرین لۆ نموونە ڕووداوی هاتووچۆ، لە ڕێگەی چوون بۆ هەر شوێنێك، کۆمەڵێك ڕووداوگەل دێتە پێشتان لە باران بارین وو ئاو هەڵسان لە شەقام و ڕووداوی بەریەککەوتنی دوو ئۆتۆمبێل، یان دەمەقاڵی کەسانێك لەسەر شەقام و کۆمەڵێك ڕووداوی لەم بابەتانە... جا ئەم شتانەی باسمان کرد کە کەسەکە دەیانبینێت، وەك ڕەگەزێك دەبینرێت، جا هەر یەکێك لەم ڕەگەزانە ڕابکێشین، ئەوا گرتەیەك هەیە و وێچووێکی هەیە لە فیلمێکی کۆن، یەکسەر ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کلیلی فیلمە کۆنەکەی، کە شتی پێ ڕادەکێشێت ، دەیەها فایلاتی لۆ دەکاتوە، لۆ نموونە شەقامێك لۆ بەم جۆرەیە؟ لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو شەقامەکان چۆن بوون لە خراپی، ئێستاش دەبینێت بە هەمان شێوەی خۆیەتی، ئەی ئەو پارەیە بۆ کوێ دەڕوات؟ جۆرێك لە بێزاری لە میری هەبووە وئەو بێزارییەت لە شارەوانی دەرهێناوە، گلەییەکان ئاراستەی شارەوانی دەکەیت، جا لەوانەیە ئاویان ڕانەکێشابێت بۆ بەر دەرگە! یان شەقامیان لۆ دروست نەکردبن، کارەبایان کەم بێت، ئەمانە هەمووی فیلمن لە مێشکت، گرتەیەك لەم گرتانە گرێدەدات بەو دۆخە، جار هەیە بۆنێك لە شوێنێك بۆن دەکات! جا لە ماڵێك بۆنی کردووە، کە لەو ساتە ڕووداوێك ڕوویداوە، هەر کاتێك ئەو بۆنەی لۆ هاتەوە ئەو ڕووداوەی لە مێشکدا دووبارە دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت، هەندێ جار ڕەنگ جا ڕەنگێکی دەستنیشانکراو، لە ساتی بوونی ئەو ڕەنگە ڕووداوێك هەبوو، بابەتێك هەبووە؟ چەند جا ئەو ڕەنگەی ببینێت، بەم شێوازە و بەم چرییە، ئەوا ڕووداوەکە دووبارە دەبێتەوە، گرتەیەك و جووڵەیەکی دیاریکراو لە کەسێك گرێدراوە بە فایلێکی دیکە، ئەو گرتەیەت بینی، ئەو فایلە دووبارە دەبێتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی بیروهۆش و دەماغ و فۆادیان بەهێزە لۆ دروستکردنی فایلەکان (فایلە فیلم) دەربارەی ئەمەیە خودای ڕەحمان دەفەرموویت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِّنَ الظَّنِّ)(الحجرات12) واتە نیگارکێشانێك لە شوێنی خۆی نەبێت، وێنەیەکی ناڕاست، ئینجا مرۆڤەکە خۆی ئەو وێنە ناڕاستەشی دروست کردبێت، و لە مێشکی خۆی دانابێت، ئەمەیە پێیدەگووترێت گومانبردن (الظن) (اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِّنَ الظَّنِّ) زۆر لەم گومانانە واتە زۆریك لەم وێنانەی کە ئێوە دروستی دەکەن، خۆتان بە دوور بگرن لەم هۆکارانەی کە دەبنە پاڵنەر بۆ کێشانی ئەم جۆرە وێنە و نیگارانە (إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ) واتا خۆتان بپارێزن لە زۆرێکیان، نەوەك هەندێك لەم گومانانە تووشتان بکات، (وَلَاتَجَسَّسُوا) واتا چەسپاندنی ئەو نیگارانەی کە دروست بووە لە واقیع، لۆ نموونە گەنجێك فیلمێکی بینی لە تەلەفزیۆن، لە فیلمێك لە سینەما، یان لە مۆبایل و لە ئەنتەرنێت فیلمێکی داونلۆدکرد، هەر کە بینی گرتەیەکی ناپاکی خێزانیی تێدا هەیە، ئەوا ئەو کوڕە لە ماڵەوەیە، یەکسەر ئەو نیگارەی هەڵدەگرێت و دەڵێ کێ دەڵێ خوشکم وا نییە؟ کێ دەڵێ دایکم وا نییە، ئەگەر خێزاندار بوو، دەڵێ کێ دەڵێ خێزانم بەم جۆرە نییە؟ ئیش لەسەر ئەم خاڵە دەکات، ئینجا دەیەوێت گومانەکەی بیسەلمێنێت و بیچەسپێنێت لەسەریان، ئینجا لەسەر ئەمە چەندین خێزان تێکچووە! چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دروست بووە لەسەر ئەم مەسەلانە و کەچی بوونیشی نییە.

**ڕاستکردنەوەی نیگارە بە هەڵەکێشراوەکان بە چی دەکرێت؟**

بەڵام دەپرسین ئەم کێشانە بەچی چارەسەر دەبێت؟ چارەی بە قیرائەکردنە، قیرائەکردنەکەش چۆن دەکرێت؟ سەرەتا و بیردۆزەییانە مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو گۆشانەی لە کاتی خۆی نیگارەکەی لێوە گیراوە ڕاست نەبووە، لۆ نموونە فیلمی بینیوە، ئەو کەسە خۆی دەزانێت ئەوە فیلمە و ڕاستەقینە نییە، ئەو بینیویەتی خۆی فیلمە و ڕاستەقینەی نییە، ئەی چۆن ئەو بگوازێتەوە سەر واقیعی خۆی بە ڕاستەقینەیی؟ واتە ئەو کەسە دووجار گێلە و دووجار نەزانە! یەکەم جار ئەوەی دەیبینێت فیلمە و ڕاستەقینە نییە، ئەوە برتییە لە گێلایەتی یەکەم، واتە کەسێك بێت و فیلمێك ببینێت و مامەڵەش لەگەڵ گرتەی فیلمەکە بکات وەك ئەوەی ڕاستەقینە بێت، ئایا ڕاستەقینەی شتەکەی بەم جۆرەیە؟ و ئایا دەشێ بێت مامەڵە لەگەڵ فیلمەکە وەك ڕاستەقینە بکات و بە ڕاستەقینەی هەژمار بکات، و دووەمیش لەوەیە کە هات بە ڕاستەقینە سەیری کرد کەچی لۆ زانین

ئەو شتە تەنیا فیلمێك بوو، کەچی ئەو هات و وەك ڕاستەقینەش مامەڵەی لەگەڵ کرد ئەوە نەزانی دوووەمە، واتا برادەرێك لە فیلمێك گرتەیەکی ناپاکی یان کوشتن یان درۆ یان هەرشتێك کە لە نێو کۆمەڵگەکان و مرۆڤ نەرێنی بێت، کەچی ئەو بێت ئەو نەرێنییەی کە بینیویەتی جێبەجێی بکات لەسەر واقیع و جیهانی خۆی، هەڵە کە لێرەیە، کە بەم چاوەوە سەیری دەکات، دەپرسین ئەگەر ئێستا ئەو فیلمە دووبارە ببێتەوە لە مێشکی، و ببین فیلمەکەی سەرلەنوێ نیشان بدەینەوە و لۆی دووبارە بکەینەوە بە هەمان چاوی پێش (15) ساڵ تەماشای دەکات؟ کێ دەڵێ...؟ یان کێ دەڵێ...؟ کەواتە گۆشەکەمان گۆڕی، ئەم هۆکاری کات، پەرەسەندنی دەماغ دەیگەیێنێتە ئەو ئاستەی، بێگومان ئەگەر ئەو فیلمە بشورێتەوە و چاپبکرێت، بەم جۆرەی پێشوو جێگە ناگرێت، لەبەرچی ئێستا ئەو فیلمەی لۆ دووبارە نەکەینەوە، کەواتە ناوەوەی بە چی چارەسەر دەکرێ؟ بەوەی کە فیلمەکەی لۆ دووبارە بکەینەوە، ئینجا ببین هێڵێك بکێشین بە ژێر ئەو گرتەیەی کەوا کێشەی لۆ دروست کردووین، ئینجا سەرلەنوێ دێین و نیگارەکەی دەگرینەوە، و خۆمان بە خۆمان دەڵێنەوە: ئەوە فیلمە و جارێ ڕاستەقینە نییە، بەڵام کێ دەڵێ ئەوەی کە کردوومانە و ئەو ڕاستەقینەیە، و دامانبەزاندۆتە سەر بەشێکی ڕاستەقینە، کێ دەڵی ئەوە خەیاڵێك بووە و ئێمەش بە خەیاڵ مامەڵەمان کردووە و بنچینە(أصل)ێکی نەبووە، ئینجا تا چەند ستەممان کردووە، ئەو کاتە چەند ستەممان لە خەڵکی کردووە، جا لە خزم ناسیاوانان، لە فڵان و لە فڵانە کەسمان، ئایا چەندی وامان کردووە؟ ئەمەیە فەلسەفەی قیرائە زۆر بە وردیی.

**ئایا چۆن ئەوەی چارەسەر دەکات؟ و ڕاهێنانەکەی چۆنە؟**

ئەگەر کەسەکە ویستی خۆی ببێـە دکتۆر لۆ خۆی؟ ئەو کاتە دێت لە کەسایەتی خۆی دەکۆڵێتەوە، لەم خاڵەی کە ترسنۆکە یان درۆزنە، یان ڕەزیلە، ئەو خاڵە کەموکوڕییەی دەستنیشان کرد، هەوڵ دەدات ئەو فیلمانەی کە کردەیبانە وای لێکردووە هێدی هێدی دووبارەیان بکاتەوە، فایلێکیان لۆ دەکاتەوە، کە دووبارەی کرد ئەمانە هەمووی لە مێشکیدایە، دێت ئەو پارچانەی کە فیلمەکەیان ئەوانەی تێدا هەبوو، ئەم گرتانە هەمووی لێی دەبڕێت، تەنەکەی زبڵ لە مێشکیدا دروست دەکات و ئەو گرتانەی باسمان کرد هەمووی دەخاتە نێو تەنەکەی خاشاکەکە، بە دەنکە شقارتەیەك هەموویان دەسوتێنێت، واتا ئەو گرتانەی کە لەلای ناخۆشە لەم فیلمانە دەیانبڕێت و هەموویان کۆ دەکاتەوە و لەنێو تەنەکەکە دەیانسوتێنێت، ئەو کردارەی سوتاندنە لۆ ماوەی (21) ڕۆژ و هەر ڕۆژەی (14) جار دووبارەی دەکاتەوە، ئەوا گرێنتی دەدەم ئەوا ئەو گرتانە لە مێشکی نامێنێت.

**گرێدانی بۆنێك یان ڕەنگێك بە ڕووداوێك**

نموونەی کێشەیەکی دی کە لەسەر بۆنێك یان ڕەنگێك، واتە نەك بۆنەکە یان ڕەنگەکە ڕووداوەك دروست بکات، لۆ نموونە ڕووداوێکی هاتووچۆ ڕوویدا و خوێن ڕژا، ڕەنگی خوێنەکە سوورە، ڕووداوەکە خوێنەکەی بەهەمهێنا، و ڕەنگەکەی بەرهەمهێنا، یان ڕووداوێك دروست بوو، ئەویش دەنگێکی لێ بەرهەم هات، هەر کاتێك دەنگەکە بێت ئەوا ڕووداوەکە دووبارە دەبێتەوە، کەواتە ڕووداوەکە شتە بنەڕەتییەکەیە، ئینجا ڕەنگەکە و بۆنەکە و دەنگەکە چاپبووە بەم ڕووداوەوە، بۆنەکە پەیوەستکارەکەیە، و بۆنەکە شتەکە نوێ دەکاتەوە، ئەگەر هەڵساین بە لادانی ئەم حاڵەتە بۆنەکە نامێنێت، دەنگەکە نامێنێت، ڕەنگەکەش نامێنێت، ئێمە چارەسەری دەکەین و دەمانەوێت لایبدەین، کەسێك ڕووداوێك لە مێشکی هەیە، جا هەر جۆرێك بێت، و لۆ نموونە نایەوێت لابچێت، ڕووداویش هەبوو ئەگەرچی زۆر بەهێزیش بووە، کاری لەسەر کردووە و لایداوە، ئێمە باسی فیطرە دەکەین، فیطرەش هەموو بنەما ئەرێنییەکانی تێدایە، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، نەك نەرێنییەکان، (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا) باسەکە باسی (ناس)ە نەك (إنسان) (لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ)(الروم30).

**ئایا پێویستە ئێمە لە کاتی ڕابردووی نەرێنی بژین؟**

پرسیارێك هەیە ئەویش ئایا ئێمە پێویستە لە کاتی ڕابردووی نەرێنی بژین؟ لە وەڵامدا دەڵێین ئەی تەوبە(التوبة) چییە ئایا لەناوی دەبات و دەیسڕێتەوە یان نایسڕێتەوە؟ بێگومان دەیکات، (التوبة و الإستغفار) لەلای ئێمە دوومانای جیاوازن، تۆبە دەبێ بیسڕێتەوە و نەیهێڵێت(محو)، کەسێك هەیە دەیناسم ئەوەی سپیاییە نایخوات، جارێکیان لێمپرسی لەبەرچی بەم جۆرەیت؟ دوای پێداگری ئینجا وەڵامی دایەوە، و گووتی لە تەمەنی منداڵی هاوسێیەکیان مردووە لەو ساتەی ئەویش

چووەتە ماڵیان کەسە مردوەکەی لەناو کفنەکە بینیو و هەر لەم ساتەش ماستی لەوێ بینیوە جا کفنەکەی سپی و ماستەکەش سپی ئەو دوو شتە لە مێشکی ئەو کەسە پەیوەستی یەکتر بووینە، ئینجا ئەو کەسە لەو ڕۆژەوە ئەوەی سپیایی بێت نایخوات! ئەمە پەیوەستکردنێکی نەرێنیی و دروستکراوە.

لە قورئاندا ئایەتێك هەیە حاڵەتێك لە پێغەمبەر دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) هەنگوینی خواردووە دوای ئەوەی دووکەس هەنگوینی لۆ دەنێرن بە کەسی سێیەم کاتێ پێغەمبەریش(علیه السلام و البرکات) هەنگوینەکەی دەخوات دواتر ئەو دوو کەسەی دەبینێت، ئەوان دەڵێن ئەوە چیت خواردووە یا رسول الله؟ ئەویش دەڵێ هیچ تەنیا هەنگوین! بەڵام ئەوان دەڵێن بۆنەکە فلانە بۆنەو ناخۆشە، ئەوە هەنگوینێکی خراپە و... قسەی لەم جۆرە دەکەن، لە ئەنجامدا پێغەمبەر دەڵێت چیتر هەنگوین ناخۆم. ئەو دوو کەسە هەوڵیاندا وێنەیەك لە مێشکی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دروست بکەن! ئەوەبوو ئایەت هاتە خوارەوە: (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ)(التحريم1) یەکسەر خودای ڕەحمان وێنەکەی لۆ ڕاستکردەوە، لەبەرئەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) پێشتریش ئیشی لەسەرخۆی کردووە کە ئەم ئایەتە دابەزی ئیشی لەسەر خۆی کرد، ئەنجامەکەی ئەوەبوو ئەو وێنە نەرێنییەی لابرد، لەگەڵ خۆی دانیشت، و پرسی لۆ ئەو فیلمە دروست بوو؟ بابەتەکەی لێککردەوە و بەخۆداچوویەوە، فەرمووی نەخێر نیگارەکەیان لە مێشك گۆڕیووم! بۆن گرێبدات بە هەنگوین، بۆنێکی ناخۆش پەیوەست بکات بە هەنگوین، ئایا ئەو بۆنە هی ئەو هەنگوینەیە؟ نەخێر.

**خودای ڕەحمان زۆر شتی لەسەر فیطرە نووسیوە، بەڵام ئایا چی لەسەر نووسیوە؟**

پێشتر بە ئێمەیان دەگووت فیطرەی مرۆڤی بریتییە لە پەڕەیەکی سپی، چی لەسەر بنووسی ئەوا چاپ(طبع) دەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا برتیی نییە لە پەڕەیەکی سپی، خودای ڕەحمان زۆر شتی لەسەر نووسیوە، بەڵام ئایا چی لەسەر نووسیوە؟ هەرچی ئەرێنییە نووسیویەتی، بناغەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەڵەیە، کە دەڵێت فیطرەی مرۆڤ پەڕەیەکی سپییە، بەڵکو دەبێ ئەوەی لە ناوەوەی خمان دووبارە بکەینەوە نەخێر پەڕەی سپی نییە، بەڵکو خودای ڕەحمان دەنووسێت، و ئەوەی خودای ڕەحمانیش نوسیویەتی برتییە لە ئایینی ڕاست و ڕەوان (الدين القيم)، و ئەوەی ئەو ویستوویەتی نووسیویەتی، (أنبياء)یش لەسەر ئەوەی ئیش دەکەن، پشتبەستنیشیان تەنیا لەسەر ئەوەیە، ئەگەرنا وەڵامی چییە؟ لەبەرئەمەشە بێبڕوایان و کافران لە هاوبەشدانەران کە لە ڕۆژی دوایی پرسیاریان لێ دەکرێت بەچی وەڵام دەدەنەوە؟ (مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ)(المدثر42) ئەگەر سەیری وەڵامەکانیان بکەین هەروەك کەسێکی ئیماندار وەڵام دەدەنەوە: (قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ{43} وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ{44} وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ{45} وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ{46} حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ)(المدثر43-47)، ئەمە هەموو فیطرەیە، باسی تەقوا ناکات! باسی کۆمەڵە کارێك دەکات بە فیطرە دەبێ هەموو مرۆڤێك بیکات، پەیوەندی بە ئایین نییە، کێشەکە ئەوەیە کە ئەوەی لە مێشکمان دانراوە وەکو بیر (فکر) ئەو پێداچوونەوەی دەوێت، کە ئەوەش هەڵەیەکە بەرامبەرمان کراوە، ئەوەی لەسەر فیطرە نووسراوە نەك وەك پەڕەیەکیش نییە بەڵکو بەردێکە و خودای ڕەحمان شتەکانی لەسەر هەڵکۆڵیوە! بە هیچ هێزێکیش ناسرێتەوە، باسمان کرد ئەو وێنە هەڵەیەی درووستکراوە هەڵسین بە سوتاندنی، بۆ ڕەشبوونەوەی، لە بنەڕەتدا ئیش دەکرێت لۆ سڕینەوەی بەوەی کە وێنە ڕاستەکە دروست بکەینەوە، واتا هێنانەوە سەر وێنە بنەڕەتیەکە ئەویش بە قیڕائەکردن، بەڵام ئەم شەو باسی سوتاندنمان کرد، واتا باسی فەلسەفەی قیڕائەمان کرد لە لای مرۆڤ بە گشتی.

**کرداری دروستکردنی وێنە و سازاندنی زەمینە لۆ ئەو نیگار کێشانە چۆن ئەنجامەدرێت؟**

هەر یەکێك لە ئێمە تووشی کۆمەڵێك کیشە بووە، یان کۆمەڵێك ویست یان حەز و خولیای هەبوو، لۆ نموونە یەکێك دەیەوێت ئۆتۆمبێلێك بکڕێت، بۆ ئەمەش دەچێتە لای چەند کەسێك، و دەڵێت ئەو برە پارەیەم هەیە و دەپرسێت کە چ جۆرە ئۆتۆمبێلێك بکڕێت؟ ئینجا ئەو کەسانە چ جۆرە ئۆتۆمبێلێکیان لەلا باش بوو، ئەوان، ئەوا ئەوان ئەو مۆدێلەی لۆ باس دەکەن، لەبەرچی؟ چونکە ئەوانیش هەر ئەو مۆدێلەیان لە مێشکدا هەیە، دوای ئەمە ئەو کەسە کڕیارە، هەموو ڕۆژ کە بە ڕێگەدا دەڕوات، ئۆتۆمبێل دەبینێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەو ساتەوەی باسی جۆرێکی تایبەتی لە ئۆتۆمبێڵیان لۆی کردووە، ئیتر لەم ساتەوە زۆرترین ئۆتۆمبێل لەو جۆرە دەبینێت کە لۆیان باسکردووە! ئەنجام ئەوە دەبێ دەڵێت (سبحان الله) خەڵکەکەش گرنگی بەم ئۆتۆمبێلە دەدەن! کەواتە خەڵکەکەش ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلەیان لەلا باشە! دەپرسین لەبەرچی بەم

جۆرە بیر دەکاتەوە؟ پێشتریش تەماشای دەکرد بەڵام بەبێ ئەو گرنگیپێدانە، و بەبێ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشێت، ئێستا کە سەیری ئۆتۆمبێلەکان دەکات و لەبەرئەوەی ئەوەشی لەلا بەباشترزانراوە واتە لەلای (تفضیل) کراوە، ئەوا سەرنجی زیاتر دەداتە ئەو جۆرە، کە بەو جۆرە سەرنجە سەرنجی دا هەڵبەت ئۆتۆمبێلی زیاتر دەکەوێتە بەرچاوی! لەوانەیە لە دە ئۆتۆمبێل دووانیان لەم جۆرەی باسی لۆ کراوە دەبینێت، و لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلەکانی دیکە ئەو بەهایەیان لەلای نەما و ئەوەی لۆی باسکراوە ئەو بڵند کرایەوە، لەم حاڵەتە ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلە زیاتر دەبینێت، هەر ئەویش سەرنجی ڕادەکێشێت، ئەوەش زیاتر پاڵی پێوە دەنێت لۆ کڕینی.

**دووبارەکردنەوە، قوتکردنەوە(إبراز)، خۆشەویستکردن، چ کاریگەری هەیە؟**

**و گرنگیپێدان دروستکردن چ کاریگەری دروست دەکات؟**

لەبەرئەمەیە ڕەگەزی پروپاگەندەیی، ڕێکلامکردن لە هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن ئائەو خاڵەی بەکاردێنێت(أستغلال)، دووبارەکردنەوەی حاڵەت لەبەرچاوی مرۆڤەکان، قوتکردنەوەی (إبراز) حاڵەت لەبەرچاوی مرۆڤەکان، خۆشەویستکردنی حاڵەت لەبەرچاوی مرۆڤەکان، (دووبارەکردنەوە، قوتکردنەوە، خۆشەویستکردن) ئەمانە وا دەکات کردەییانە مرۆڤەکە لە مێشکی ئەو نیگارەی کە دروستی کرد، یەکسەر لە مێشکی بچەسپێت، زۆرجار وای لێدێت تەنیا هەر ئەوەندەش ببینێت، لۆ نموونە ڕووداوێك بووە، جا هەر ڕووداوێك ، ڕۆژانە نموونەی ئەوەی زۆر دەبینی و زۆر دەبیستی، و پێیدا تێدەپەڕیت، و زۆر ئاساییە لەلات، بەڵام لەبەرئەوەی قیرائەت کردووە، کەواتە لە مێشکت گرنگیت داوەتە ئەم جۆرە وێنەیەی، وێنەکان وەکو ڕۆژانی پێشوو تێدەپەڕێت، بەڵام هەرچی ئەو وێنەیە وەکو موگناتیس ڕاکێشی دەکات، لەبەرئەوەی پێشتر گرنگی نەداوەتێ، ئەگەر دە دانەش بڕوات لەلات هەر یەك شتە، بەڵام ئێستا ئەگەر تەنیا دوو دانەش لەبەر دەمت بڕوات ئەوا دەبێتە دە دانە! چونکە گرنگیت داوەتێ، لۆیە زۆر جار ئەوها دێنینە بەرچاومان، لۆ نموونە کەسێك لە شتێك دەترسێت، ماوەیەك کە گرنگی دەداتە ئەو تێڕوانینە، یان ئەو ڕەنگە، یان ئەو نیگارە یان ئەو فیلمە، لەم حاڵەتە زیاتر دێتە بەرچاوەکانی! ئەمە چییە؟ ئەمە هەمووی گرنگیدانە، لۆ زانین پێشتر گرنگی بە شتەکە نەدابوو، ئەو ڕووداوانەی کە دەڕۆیشت، ئێستا دەبێتە جێگەی سەرنج ڕاکێشان لە لای، شتەکە بەم جۆرە بێت دەمێنێت.

**ئایا چارە لە کوێیە؟ ئایا لە سەرپۆش دانانە یان سەرپۆش دروستکرنەو لۆ چاوەکان؟**

بەڵام ئایا ئێمە وەك فەلسەفە دێین چارەسەری بێ سەرپۆشییەکەی دەکەین، یان دێین چارەسەری چاوەکان دەکەین؟ بەڵکو دێین چاوەکان چارە دەکەین، چونکە ئایا ئێمە دەتوانین ڕۆژئاوا هەموو بکەینە سەرپۆش لەسەر! بێگومان ناتوانین، ئەوەی هەندێ شوێن جێبەجێیان کرد سەرکەوتنیان نەهێنا، ئافرەتانی هەموو داپۆشت! بەڵام ئایا دەروون(نفس)ەکانی داپۆشت؟ چاوەکانی دانەپۆشت، لۆیە ئێستا لوتکەی بێ سەرپۆشییە لەم وڵاتە، ئەوان چییان کرد؟ جلکیان کرد بەسەر کەسەکان، لۆ زانین مەسەلە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە دەبێ چاوەکان سەرپۆشیان لەبەر بکرێت، بابەتەکەش پەیوەستە بە ئیمان، لەبەرئەمە تێڕوانین دروست کردن گرنگە، ئێمە کە دێین قیرائە دەکەین، لەم بابەتە هەستیارێك دروست دەبێت، جا هەرچی بۆن، و هەرچی ڕەنگە، و هەرچی ڕووداوەکانە لە یەکتریان گرێ دەدات، مەسەلەکە نوێ دەبێتەوە لەلای، لۆ زانین ئەوان ئاسایین و دەڕۆن.

**ئایا ڕاستکردنەوەی وێنەی هەڵە هەمان ئەو ماوەیەی دەوێت**

**کە خەرجمان کرد لە دروستکرنی؟**

کەسێك دەڵێت ئەگەر قیرائەیەکی نەرێنی کردبێت لۆ شتێك لە ماوەی پێنج ساڵ، ئایا ئەگەر بیەوێت قیرائەی ئەرێنی بکات لۆ هەمان شت لۆئەوەی وێنە لارەکە هاوسەنگ و ڕاستی بکاتەوە؟ ماوەی چەندی دەوێت لۆ ئەم وێنە ڕاستکردنەوەیە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بە پرسیارێك و نموونەیەکی واقیعی بێنین، ئایا ئەگەر دەرزییەك بێنین و هەوڵبدەین گۆی زەوی لەسەر ڕابگرین، ئایا زەوییەکە ڕادەوەستێت؟ بێگومان نەخێر، لەبەرئەمە باوەڕ بکەن بۆچوون و تێڕوانین(تصور)ی نەرێنی لەسەر فیطرە بەهەمان جۆرە، بەڵام لۆ بەم جۆرەیە؟ چونکە ئەو بابەتە بناغە و ئەصڵی نییە؟ کاتێکیش شتەکە بناغەی نەبێت واتای وایە کە مرۆڤەکە دروستی دەکات، کاتێکیش دروستی کردووە لەسەر بناغەی بێ بناغە دروستکراوە! لەبەرئەمەیە بە

کۆششێکی کەم، بەڵام ڕاستییانە، خودای ڕەحمان لای دەبات، لەبەرئەمەیە گەورەترین کێشەی مرۆڤایەتی، دروستکردنی نیگاری نەرێنییە بەرامبەر خودای ڕەحمان، نیگاری دروست کرد بەرامبەر خودای ڕەحمان، بەو ناوەی ئەوە دایکی خودایە! و ئەوە کچی خودایە! و ئەوە کوڕی خودایە! ئایا ئەمە نیگارە یان نیگار نییە؟ ئایا ئێستا پێغەمبەر عیسا(علیه السلام) نیگاری هەیە یان نییەتی؟ سێ ملیار کەس بەم جۆرە پەرستش ئەنجام دەدات، گەورەترین گوناهی گەورە بریتییە لەمە، بەڵام بە چەند ساتێك لادەچێت.

**دەستپێك لە قیرائە چۆنە و و هەنگاو لۆ پێشەوە لۆ کوێیە؟**

یەکێك دەڵێت کەوا ناتوانێت لەسەر قیرائەکردن بەردەوام بێت دوا ئاست بتوانێت بەردەوام قیرائە بکات بریتییە لە (15) خولەك، لەبەرچی وایە ئایا ناکرێت درێژتر بکرێتەوە؟

وشەی ناتوانم بریتییە لە بڕیاردان، لەوانیە ماوەیەکی دیاریکراو قیرائە کرابێت، بەڵام ئەو ماوەیەی کە ئەو کەسە بەم جۆرەی دەیکات و لۆ ئەو بابەتەی قیرائەی دەکات ئایا بەم کات و جۆرە پێویستەیە کە دەبێ بکرێت؟ تاکو لە چارەکە کاتژمێرێك ببێتە کاتێکی زیاتر و زیاتر، لە لایەکی تریش کەسانێکی پێشوو کە قیرائەیان کردووە لەوانەیە تەنیا خولەکێك نەیانتوانیبێت قیرائە بە بەردەوامی بکەن! واتە ئەگەر پێنج خولەك بتوانیت بەردەوام بیت واتە شتێکی ئاست بەرزە، چونکە لە سەرەتا لە ماوەی چەند چرکەیەك هزری لەلای قیرائەکەیە و دواتر دەڕوات، ئەمەش لەبەرچی؟ چونکە تەنها ئامراز، یان تەنها ڕێگە، کە بە کردەییانە تۆ ببەستێتەوە بە خودای ڕەحمان، تەنها و تەنها ئەو ڕێگەیەیە، ئینجا لایەنی سێیەم دەزانێت ئەوەش تەنها ئامرازە، لەبەرئەوە هەرچی هێزی هەیە لەگەڵی بەکاریدێنێت، واتە ئەگەر کەسەکە هیچ گوناهێکی نەبێت ئەوا ڕووداوێکی پێش بیست ساڵی دێنێتە پێش، کە ڕووداوەکە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نییە، لۆ نموونە پێش بیست ساڵ لە ڕووداوێکدا لەسەر پایسکل کەوتووتە خوارەوە!

**هەرکەسێك بە ڕێگەی هەڵقوڵاوی خودیی خۆی قیرائە دەکات**

پرسیار: ئایا دەکرێت قیرائەیەکی بە کردارییانەمان لۆ بکەیت، تا ببێتە نموونە لۆمان؟

وەڵام: من هەرچی بکەم هیچم لۆت پێ ناکرێت، ئەوەی لە قورئان هەیە هەمووی قیرائەی ئامادەیە، واتە کە من دێم باسی ئەو ئایەتە دەکەم کە دەفەرموویت: (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا)(الشمس1) من تەنیا قورئانەکە دەخوێنمەوە و بەس، یان (فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ)(عبس24) من لێرەش تەنیا قورئانەکە دەخوێنمەوە، شتێکی دێکەم نییە، واتە پێت ناڵێم (طعام) فڵانە شتە فڵان شت نییە، ئایا ئاوی لەگەڵە یان لەگەڵی نییە، یان (طعام) لەگەڵ (غذاء و رزق) جیاوازی هەیە، باسە ئەمانە ناکەم، تەنیا باسی خۆراك (طعام)ەکە دەکەم، تەنیا وشەکانت لۆ دەڵێم، دیدی من لۆ وشەی خۆراك (طعام) جیابیە لەگەڵ دیدی تۆ لۆ وشەی (الطعام)، جا من نامەوێت ئەوەت لێ تێکبدەم، هەر کەسێك وا باشە لەم چوارچێوەیەی کە لە ئایەتەکە تێگەیشتووە و چێژی لێ ببینیوە بەم شێوازەی خۆی ئیش بکات، ئەگەر باسی ئاو بکەم باسی هەر لایەنێکی بکەم، لەوانەیە لەلای کەسێکی دیکە نەگونجاو بێت لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوە و زانیاری و ئاستی کەسەکە، مانای وایە هەر کەسێك و ڕێگە و شێوازی خۆی هەیە لە قیرائەکردن، ئینجا من بێم ڕێگەی خۆم باس بکەم مانای وایە من دێم دانەیەکی کۆپی لەخۆمم دروست کردەوە، ئەمەش پێویست نییە، ئاو بە نموونە وەربگرین، کە ئاوە تەنیا مەبەستەکە ئەوەیە ئەو ئاوە مرۆڤەکە بگەیەنێتە خودای ڕەحمان کە خالقیەتی، ئینجا کێشە نییە کە چۆن دەیگەیەنێت بە خالقی خۆی، تەنیا ئەوەیە ئاوەکە بتگەیەنێتە خودای خالق.

ڕۆژێکیان هاوڕێیەك کە کەسێکی گشتییە، کەسێکە نەخوێندەوارە، هاتە لام گووتی فێرە قیرائەم بکە، دەبێ ئەو کەسە تێبگەیەنم کە قیرائە چییە، گوتم شەوانە هەڵسە تەماشای دەستی خۆت بکە، و خۆت لەخۆت بپرسە، ئایا تۆ ئەو دەستەت خەلق کردووە؟ یان ئەو دەستە خالقێکی هەیە، یان تەماشای نینۆکەکانت بکە، تەماشای قاچەکانت بکە، یان تماشای منداڵەکەت بکە کاتێك خەوتووە، تەماشای دەموچاوی بکە، ئینجا تەماشای چاوەکانی بکە تەماشای گوێچکەکانی بکە، بەم جۆرە، لەسەرەتا قسەکانی لەلا سەیر بوو! کاتێکم ویست تا توانیم ئەو تێڕوانینەی ئەو هەیەتی لۆ قیرائەی بیگۆڕم و تێڕوانینەکەی ڕاست بکەمەوە، بەڵام ئێستا زۆر جیاوازترە، ئەوە شێوازی ئەوە، بەڵام ڕێگە و چۆنییەتی قیرائەکە نازانم ئەو چۆن چۆنی دەیکات! تەنیا ئەوەندەم پێ ڕاگەیاندووە، ئەوە لە ئاستی ئەو.

**به قیرائەکردن دەگەین بە شتە ڕاستەقینەکان**

کەسێکی زۆر صالح، کە کردەییانە صالح بوو و بڕوام پێی هەبوو، زۆر دڵگیربووم بە ڕێگەی ژیانی، ئەو شتانەی باسی دەکەین نەیدەزانی، ویستم بزانم ئەو کەسە چۆن گەیشتووەتە ئەو جۆرە صالحبوونە؟ ڕۆژێکیان دەچووینە شوێنێك، قوم و چگڵ ڕژابوو، و بینایان دروست دەکرد، من پێم لەسەر لمەکە دانا، گۆتی دەزانی پێت ناوە بەسەر چەند دەنکە لم؟ لە وەڵامدا گووتی وای دابنێ کە ئەوەندە ملیارەیە، نەخوێندەواریش بوو! گووتی ئایا دەزانی ئەوانە هەمووی تەسبیح دەکەن تەسبیحکارن (مسبح)ن؟ ئینجا هاتە سەر باسی تەسبیحکردن و کە چۆنەو بە چ شێوازێکە و چەندین مەسەلەی دیکە، ئەو کەسە باسی قیرائەم لۆ دەکات، بەڵام بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی، ڕەگوڕیشەی ئەوەی لە چی هاتووە؟ بنچینەکەی لە کوێ هێناوە؟ گەڕاینەوە سەردمی گەنجێتی ئەو کەسە، لە دوای چەند پرسیارێك چۆنییەتی فێربوونی ئەو ڕێگەیەی خستەڕوو؟ ڕایگەیاند کە سەردەمی لاویەتی شوان بووە، پاش ئەوەی ئەو ئاژەڵانەی دەهێنایەوە و خاوەنەکەی ئاژەڵەکانیانی دەکردە نێو هەوێزەکەی، بە تایبەتی لە وەرزی زستان ئەو کارەی ئەنجامداوە، بەردەوام دەبێ لە قسەکانی و دەڵی سەیری جوانی ئەو مەڕانەم دەکرد، دەمپرسی ئەی پەروەدگارە مەڕ عاقڵە یان ئێمە عاقڵین؟ دەیگووت مەڕ کە پێستەی هەیە بەڵام خورییەکەی لە دەرەوەیە، کەچی ئێمەی مرۆڤ دێن شتەکە پێچەوانە دەکەینەوە، بەوەی کە خورییەکەی لە ژوورەوە دروست دەکەین، کەچی سەیر دەکەم ئەو ئاژەڵە نە لە وەرزی زستان سەرمایەتی و نەلە وەرزی هاوین گەرمایەتی! ئایا دەبێ ئەو لە ئێمە بە عەقڵتر نەبێت؟ ئەگەر خوای پەروەردگار وەك ئێمەی لۆ خەلق کردبووایا، ئەو ئاژەڵە وەکو ئێمە هاوینان گەرمای نەبا و زستانانیش سەرما! ئەو کەسە دەڵێت منیش هەڵسام جلێکم دروست کرد لە شێوەی ئەو ئاژەڵانە، سەیر دەکەم لە وەرزی هاوینیش فێنکە! لە ڕووی فیزیاویشەوە بەم جۆرەیە، ئینجا کۆمەڵێك شتی لەم جۆرەی باسکرد، ئەگەر سەیری ئەم شتانە بکەین دەبینین ئەوە بریتییە لە قیرائە، کەس بیری لەمە نەکردۆتەوە، کەواتە لە قیرائەکردن شتی ڕاستەقینەت لۆ ئاشکرا دەبێت، دەپرسێت ئەو شتە کێ داویەتێ؟ سەیردەکات ئەو ئاژەڵە خۆی عەقڵی نییە، کێ خەلقی کردووە بەم جۆرە؟ خودای ڕەحمان، ئینجا ئەو کاتە ئەو کەسە جۆرە یادکردن (ذکر)ێکی هەبوو، دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئەو کاتە ماچم دەکردن، دەمگوت واتە کەسەکە دەیگووت: بە قوربانی ئەو خودایەت بم کە تۆی بەم جوانییە خەلق کردووە، بە قوربانی ئەو خودای بم کە ئەوەندەە عاقڵە و تۆشی بەو عەقڵەوە خەلقکردووە، یان دەبێ ئەو خودایە خۆی چەند پایەدار بێت کە تۆی مەخلوقی بەم ئارامی و هاوسەنگییەوە خەلق کردووە؟ لە مەخلوقە مەڕەکەیەوە گەڕاندییەوە لۆ خودای خالقی مەڕەکە، ئەوە بریتییە لە قیرائە بەڵام بە شێوازی کەسە خۆی.

لەبەرئەوەیە دەڵێم هەر کەسێك قیرائەی خۆی هەیە، ئەوەی ئوستازە لە بەشی ناوکی لە زانکۆی کامبریج، کاتێك دێتە سەر قیرائەی ئەستێرە یان قیرائەی ئاسمان، ئەو مامۆستایەی زانکۆ، بە شێوازی خۆی قیرائە دەکات، گرنگ ئەوەیە ئەو مەخلوقەی ببەستێتەوە بە خالیقەکەی، ئەوەندەیە داواکراوەکە، هەرکەسە و ئازادە لە شێوازی قیرائەکردنەکەی، گرنگ ئەوەیە ئەم مەخلوقە بمانگەیەنێتە خالقەکەی، هەرکاتێك ئێمە بەردەوام لەگەڵ ئەو خالیقەی بووین بەهۆی ئەو مەخلوقەی، ئەو کاتە ئەو مەخلوقە کاریگەری(فاعلیة) نەما.

**قیرائەکردن خووپێگرتن و ئولفەت نایەڵێت**

مرۆڤایەتی ئەمڕۆ لە کێشەیەکدایە ئەویش ئولفەتپێگرتن(الألفة)، شتێکی سەیر هەیە کە مرۆڤەکان ئەوەندەی کە ڕۆژگیرانیان لەلا گرنگە بەو ڕاددەیە ڕۆهەڵاتنیان لەلا گرنگ نییە، یان ئەوەندەی مانگ گیرانمان لەلا گرنگە مانگهەڵاتنمان لەلا گرنگ نییە، (إِنَّهُمْ أَلْفَوْا آبَاءهُمْ ضَالِّينَ)(الصافات69) ئولفەت و لێراهاتنمان تووش هاتووە، بڕوا بکەن ڕۆهەڵاتن زۆر زۆر گرنگترە لە ڕۆژگیران، لەبەرئەوەشە سەردەمێك کە ڕۆژ دەگیرا ئارپێچی دەتەقێنرا، یان تەقە تەقیان بە تەنەکە دەکرد، یان وێنەی دەگیرێت، لەلامان شتێکی سەیرە، بەڵام ئولفەتیشمان گرتووە بە ڕۆژهەڵاتن و ئاوابوون، و جووڵەی مرۆڤ و لەدایکبوونی مرۆڤ و مردنی، لۆ زانین لەلای خودای ڕەحمان ئەمانە هەمووی ئایاتن، و هەموو جێگەی خۆی هەیە، ئەم باسانەش هەمووی ڕاهێنان و مەشقکردنی پێویستە بۆ چەسپاندنی قیرائەکردنەکە.